www.kurdistannet.org
24-1-2003 1:20

# ئایندەی عیراق لە نیوان
# بریاری سەرۆك و پیشنیاری وەزیری بەرگریدا!

**محسن کریم ٢٢-١-٢٠٠٣**

www.kurdistannet.org

هیچ گومان لەوەدا نی‌یە کە بریاری شەر دژی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە لە میژە دراوە، تەنانەت پیش لە دەرچوونی بریاری ١٤٤١ی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمریکا لەلایەن خۆیەوە بریاری شەری دابوو، بەلاَم لە نیوان ئەوەی کە ئەم شەرە بە تەنیاو وەکو بریاری تاکرەوانەی خۆی بکات، یان فرسەتیك بۆ ئەوە بهیلیتەوە کە شەرعیەتیکی نیو دەولەتی پیْبداتو بەر بەزیاتر تەریك کەوتنەوەی خۆشی بگریْ لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا، ئەوەی دووەمی هەلبژارد، ئەوەبوو دوای چەندین هەفتەو دوای هینان‌وبردنیکی زۆری نیوان ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان، بریاری ١٤٤١ وەکو ئاکامی ئەم پاشەکشەو ئەم ملدانە دیاریکراوەی ئەمریکاو بەریتانیای هاوپەیمانی لە لایەكو باقی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لە لایەکی دیکەوە دەرچوو. بە ناچار ئەمریکا ئەوەی قبول کرد کە ماوەیەکی دیکەش دان بەخۆدا بگریتو سەرەتا چاوەریْی ئەوە بکات کە بەلکو عیراق مل بە بریارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش نەداتو بیانوی شەرەکەی ئەمریکا پاکانە بکات، کە ئەمە بە پیچەوانەی چاوەروانی ئەمریکاوە گەراو عیراق بریارەکەی قبول کرد. ئینجا ناچار بوو لیوی خۆی بکرۆژیتو چاوەروانی ئاکامی راپۆرتی تیمەکانی پشکنین بکات، هاوکاتیش لەم ماوەیەدا فشارەکانی بەو بارەدا توند بکاتەوە کە باقی وولاَتانی ناو ئەنجومەنی ئاسایش بۆ قبولکردنی بریاری ئەمریکا واتە بەرپاکردنی شەر دژی عیراق رابکیشیتو لە باری عەمەلیشەوە پیداویستی‌یەکانی شەر ئامادە بکات.

بەلاَم دیسانەوە رووداوەکان بە پیچەوانەی ویستو چاوەروانیەکانی ئەمریکاوە گەرا. لە لایەکەوە ئاکامی پشکنین تا ئیستا بۆ ئەمریکا دلخۆشکەر نی‌یە، هەرچەندە ئەمریکا ویستی دۆزینەوەی چەند موشەکیکی کلاَوە کیمیاوی بەتال بکاتە هەنگوینی ناو کلۆرە دار، بەلاَم پیْ دەچیْ کە ئەم بیانوە، واتە بیانوی بوونی چەکی کۆمەلکوژ لە دەستی ئەمریکا بکەویتە خوارەوە. هەروەها فەرەنساو وولاتانی دیکەی هەمیشە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش ئەوەیان راگەیاندوە کە تەنانەت دۆزینەوەی چەکی کۆمەلکوژ بە شیوەی ئۆتۆماتیکی ناکاتە ئەوەی شەر لە دژی عیراق بەرپا بکریت، بەلکو دەبیْ داوای لی بکریت کە لەناویان بەریت، وە تەنها ئەوکاتە بریاری جەنگ شەرعیەتی هەیە کە عیراق مل نەدا بە لەناوبردنیان. لەپال راگەیاندنی ئەوەی کە هیچ لایەنیك بۆی نی‌یە بە تەنیا بریاری شەر بداتو ئەمە پیچەوانەی یاسای نیودەولەتی‌یەو بریاری شەر تەنها لە دەستی ئەنجومەنی ئاسایشدایە.

سەرباری ئەمانە لەم ماوەیەداو پیْ بەپیْی توند بوونەوەی هەرەشەکانی ئەمریکاو مەلموس بوونی روودانی شەر، بزووتنەوەیەکی بەهیزی دژی شەر لە سەراسەری دنیادا دەستی پیکردوە، هەر لە ناوخۆی ئەمریکاوە تا یابان‌و کەنەداو تائەمریکای لاتین‌و ئەوروپاو تا وولاَتانی عەرەبی‌و تورکیاو روسیاو. . سەدان هەزار کەس لە دژی جەنگ هاتونەتە مەیدان‌و ئەم بزوتنەوەیە تا بیت بەهیزتر دەبیت، ئەم بزووتنەوە جەماوەریەی دژی شەر بە رادەیەك بەهیزە کە دەسەلاَتدارانی وولاَتەکانیان‌و کەنالەکانی راگەیاندنیش ناتوانن نادیدەی بگرن‌و دەیان دەولەتیش بە شیوەی رەسمی دژایەتی‌و موخالەفەتی خۆیان بۆ ئەم شەرە راگەیاندوەو پشتگیری چارەسەری ئاشتیانەی "کیشەی عیراق"ن‌و لە ناویاندا وولاَتانی دراوسیْی عیراقە کە بۆ هیرشی زەمینی ئەمریکا جیگایەکی گرنگو یەکلاکەرەوەیان هەیە.

لە بارودۆخیکی ئاوادا کە ئەمریکا یان دەبیْ بەتەنها شەرەکە بەرپا بکاتو بکەویتە بەرامبەر باقی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، کە ئەمە لەباری سیاسی ستراتیژی‌یەوە بە قیمەتیکی گران بۆی تەواو ئەبیت، لە کاتیکدا ئەوەش دیار نی‌یە کە تا چ رادەیەك وولاَتانی دراوسیْی عیراق مل بە فشارو ئیغرائاتەکانی ئەمریکا ئەدەن بۆ کردنەوەی دەرگا بەرووی هیرشی زەمینی‌دا، یان ئەوەتا پلەیەك دابەزیتە خوارەوە تا ئەوەندەی مومکین دەبیْ لە جیْبەجیبوونی ستراتیژی‌یە سیاسی‌و سەربازیەکەی، بەدەست بینیْ، بۆیە وەزیری بەرگری ئەمریکا، کە بریارە ئەو سەرپەرشتی جیْبەجیبوونی

بریاری سەرۆك بكات بۆ شەر لە دژی عیراق، كەناوبەناو بۆ گەرم راگرتنی پروپاگەندە جەنگیەكانی دیتەوە بەردەم میكرۆفۆن، پیشنیاری "شەخسی" بۆ صدام دەكات كەخۆیو داروودەستەكەی عیراق بەجێبهیلن، لەبەرامبەر ئەوەشدا وولاتیك مافی پەنابەرییان پێ بداتو عەفوش بكرین لە سزادان وەكو تاوانباری شەر، بۆ ئەوەی شەر روونەدات! وەزیری بەرگری ئەمریكا لە روالەتی فریشتەدا خۆی نیشان ئەداتو بەمەبەستی رونەدانی شەر كە ئەوان" تەنها لەبەرپرسیاریتی جیهانیو دیموكراسیو ئینسانی خۆیانەوە ناچارن بەرپای بكەن !" داوا لە صدام ئەكات كە عیراق بەجێ بیلیتو داواش لە كۆمەلگای نیودەولەتی دەكات كە لە پاداشتی ئەمەدا بیبەخشنو مافی پەنابەریشی لە وولاتیكدا پێ بدریت!

بەپێی پروپاگەندەی ئەمریكا بریار بوو عیراق لە چەكی كۆمەلكوژ دابمالریتو خەلكی عیراقیش لە دیكتاتۆریەتی صدام حسین رزگار بكرین! بریار بوو لەسەر كیمیاباران كردنی خەلكی كوردستانو هەلەبجەو كوشتاری شیعەكانی باشوری عیراقو...تاد. و لەسەرپیشلكردنی مافی مرۆڤ، رژیمی بەعسو صدام لەسەر كورسی دەسەلات بكیشنە خوارەوە، بریار بوو لەسەر تاوانەكانی بەرامبەر خەلكی عیراق، صدامو سەركردەكانی رژیم دادگایی بكرین! ئەمانە پروپاگەندەی جەنگی ئەمریكا بوون كە سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی عیراقی دەیان ووتەوەو خەلكیان پێ سەرگەرم دەكرد. بەلام ئیستا وەزیری بەرگری ئەمریكا بەو مەرجەی صدام وولات بەجێ بیلیتو ئەمریكا لەم بنبەستەی ئیستای رزگار بكات، هەر بەناوی شەرعیەتی نیونەتەوەییو بەناوی خەلكی عیراقو هەمووانەوە بریاری لیبوردنی گشتی بۆ صدامو داروودەستە ئینسان كوژەكەی دەردەكاتو گلۆپی سوریش بۆ هەر وولاتیك دادەگیرسینێ كە بیگریتە خۆی وەكو پەنابەر. ئیستا مەرجی دەستبەرداربوونی ئەمریكا لەشەر دژی عیراقو رووخاندنی رژیمی صدام، وازهینانی دلخوازانەی صدامە لە دەسەلات، بۆ ئەم مەبەستەش لە زمانی سەرۆكی ئەركانی گشتی سوپای ئەمریكاوە پشتیوانی ئەو هەولانە دەكات كە لەلایەن وولاتانی ناوچەكەو توركیاوە بۆ ئەم مەبەستە دەدریت.... بەلام ئەمریكا سەرەنجامی ئەم سیاسەتەشی نارۆشنە، چونكە ئەوەش خۆی مەیدانیكی دیكەی كیشمەكیشیكی توندە كە رژیمی بەعس و صدام حسین ئەیانەوێ بیكەن بە سوود وەرگرتن لەو هەلومەرجەی بۆ مانۆری ئەوان هاتۆتە پیشەوە لەبەرامبەر ئەمریكادا بەهۆی تەنگەبەریو مەحدودیاتەكانیەوە بۆ بەرپاكردنی جەنگ.

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣